نامەکانی ئەشرەف

، مـــردوە . دەبـــێ ئەو دۆخە هەلگری پرســـــــیارە مەعریفیەکان بێت بۆ مرۆڤایەتی

نامـــەکـــانی ئەشرەف بەرهەمی کوردستان تیڤی یەو دەرهێنـانی لوقمـان غـەریبە . لـەرووی بابەتەوە دەقاو دەق لـە کتێبـی (بـرایم زەبوکی) کە بریتیە لە کۆمەلێ چێرۆک وەرگیـــراو ، کـــە بـەرهـەمـی چیرۆک نووسـی بـەناوبانگی تـورک (عـەزیـز نـەسین) ە 1915 - 1995 ئـەم نوسـەرە زیاد لە 100 کتێبی نووســـــی وە 17 شانۆنامەی نوسیوە بـەرهـەمـەکـانی بـۆ زیاتر لـە 30 زمانی جـــۆراو جـــۆر وەرگێڕدراوەتەوە . بـەهـۆی فـرەلایـەنـی بوونی دراماو بەردەوامی گرنگە بۆ هەموو کۆمەلگەیەک . هەروەها لە ئەنجامی بەردەوام بوون ، هەڵەو پـەڵـەی زۆر دەردەکـەوێـت . تـا لەئەنجامدا رەخنەو پرسیار دروست ببێـت و لـە ئاکامـدا خزمـەت بـە هونەری دراما بکات

کاتێک دەرهێنـەرێک دەگـەرێـێ بەشوێن دەقێکدا وپەسەندی دەکات دەبـێ پلانێکی داریژراوی هـەبـێ و بزانی چۆن و بەچ شیوەیەک و بە چ ڕێگایەک سـوودی لـێ وەربگریت . هـەروەهـا روانـین (روئیـا) ی خـۆی ودارشتنەوەیەکی سەرتاسەری بۆ بکات تـا بتوانی بیگونجێنی لەگەل بـــارودوخی نەتەوەو کلتـــوور و جۆگرافیـــای خۆیـــدا . ئەگەر دەقەکە بیانی بێت ! دواتریش ، بەرجەستە کردنـی ئـەو پـەیامـەی کـە تـۆ وەک دەرهێنـەر مـەبـەسـتتە بـە بینـەرو کۆمەلگای بلێیت. ئاشکرایە بوونی دراما باشتـرە لـەنـەبـوونی . بـەڵام ئەمەش ناکاتە ئەوەی دراما لە قاوغە کلاسیکیەکەیدا بمێنێتەوە . کەتەنها گێرانـــەوەی ســـەردەمێـــک یـــان جێگـەیـەک بێـت کـە لـەرابـردوودا رووی داوە . دەبێـــت واز لـــە باوەکان بهێنێت و بگەرێ بەدوای ئەو نهێنیانەی کە پەیپێ نەبراون ونەوتراوە. دەبێ کاری رەخنەگرتن بـــێ لـــە واقیعـــی کۆمـــەڵایـــەتـــی وسریالیەت و .....هتد . کە ئەمانە دەبنە هـۆی ئـەوەی ژیان پر ماناتر بکەن .

هـــەروەهـــا شۆرشـــێک بـــێ بـــۆ بـــەرەو پـــێش چـــونی دراما و خۆلقاندنی داهێنان داهێنان بریتیە لە لوتکەی دەربرین وئاراستە کردنی بـەرهـەمـەکـە بـەرەو لوتکەی چێژ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ریزگرتنە لە بینەر، کات، شوێن، کۆی

دەربرینەکانی ئەکتەر، پاشانیش ریزگرتنە لە بینەر.

تازەگەری کەشێکی ئیستاتیکیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هزرو چێژی بینەر بۆ خۆی هەلبژاردنی دەقێکی سەرکەوتوو بەشێکی گرنگی کارە هونەریەکە دەگرێتە ئەستۆ . دەکرێ بابەتی باش ببێتە هۆی سەرکەوتنی بـەرهـەمـەکـەو کـەم و کـورتی و هـەڵـەکـانی دەرهێنـان بشارێتەوە و پێجەوانەکەشی راستە.کە دەکرێ دەرهێنانێک کە لـەئاستی هونـەری بـەرزدا بێـت و پـەڵـەی سـیناریۆکە بشارێتەوە وسـەرکـەوتـوبێ بـەڵام بـەداخـەوەنامـەکـانی ئـەشـرەف لـەهـەردوو کۆلەکەکەیدا لاواز بوو هـەر بۆیە ناچیتە قالبی درامایەکی خوازراوەوە.

دراما بـەمانـای ناکۆکیـەکـانی ژیـان دێـت و بێسنوورە وهـەرکـات ئەم دیاردەیە نەما ، ژیان دەوەستێت . بە پێی تازەگەری ، هـەر دەقێک وەڵام بۆ مانای ژیان لەدەست بدات وبەرفراوانیانەوە بوونـەتە جێی ی سـەرسـورمان وبـەهـۆی گـشتگیری بەرهەماکنیەوە خوێنەرێکی باشی بۆ خـۆی پـەیـدا کـردوە . زۆربـەی چیرۆکـەکـانی لـەلایـەن ئـەکتـەری سـوری(یاسـرلعەزمـە) وە کـراوە بەکۆمەڵێ کورتە درامای تەلەفزیۆنی بەناوی (ئەلمەرایا) کە هەمویان بە شـێوەیـەک کۆمێـدی کـریتیکە لە دەسەڵات و سیاسەت و گیرو گرفتە کۆمەڵایەتیەکان . کە بەشێوەیەکی سەرکەوتوو تۆمار کراوە

بـە بۆچـوونی مـن نامـەکـانی ئەشرەف لە گێژەنگی هـەموو ئەو کـەلـەبـەرو بۆشـاییە لە نەبـوونی میتـــۆدو توخمـــە هونـــەری ومـەعریفیەکانەوە دەنالێنێ . هـەر بۆیـــە نـــاچمە نێـــو هـــەمـــوو وردەکاریـــەکانـــەوە . بـــەڵکـــو بەشێوەیەکی گشتی چەند سەرنج و پرسیار دەخەمە بەر دەم : بابەت ، ، کارەکتەرەکان و پەیوەندی نێوانیان ،کات، جێگە، ریتم وبەردەوامی ، تەکنیک، فەزا، نواندن،ئێکسسوارات و راکـوارو مونتـاژو جلـو بـەرگ، موزیک

گەر لە رووی بابەتەوە سەرنج بدەین دەبینین

وەک دەبینـــین نوســـــراوە ، نامـەکـانی ئـەشـرەف . سـیناریۆ و دەرهێنانی : لوقمان غەریب و سوود لـە برایم زەبۆک وەرگیـراوە . مـن پێم وایە دەبێت بە ئەمەکەوە باس لـەم بـەرهـەمـە بکـرێ . خوێنـەر دەتـــوانی کتێبـــی بـــرایم زەبـــۆک بخوێنێتـــەوە تـــا بـــۆی دەرکـــەوێ لوقمان غەریب نەیتوانیوە تەنانەت لە دەقـی کتێبـەکـە دەربچیـت . وەک خـۆی هێناویـەتـی بـە بـێ جیـاوازی زەمـەن وشـوێن و روانینـی نـوێی دەرهێنـــان . ئەیتـــوانی وە ســـوود لـەخـەتـی درامیـەکـەی وەربگـرێ . بـــەڵام کـــە ش و هـــەوایـــەکـــی خۆماڵیانـەی بـەبـەردا بکـات و زۆر وردبینانـە کـاری تێـدا بکـات . بـۆ نموونە ئایا لـەم درامایـەدا بـەرەی خێرو بەرەی شەر کێیە؟ هـەرچـەندە لـەکۆتـای دراماکـە گرنـگ نیـە کـێ سەرکەوتووە بگرە دەبـێ وەڵامـەکان بۆ بینـەر دابنرێ و راڤـەیان بکـات. ئایا توانیویـەتـی جیاوازی چینایـەتـی کـە لـەو سـەردەمـەداهـەبـووە بەرجەستەی بکات ؟

کەی ئەوە رووی داوە؟ کوێخاو قائیمقام و سەرۆکی شارەوانی بەو دەسـەڵاتـە رهایـەی بویانـە لـەگـەل مـسگەرو خـەڵکی ئاساییدا پێکـەوە خـواردن و خواردنـەوەیـان هـەبێت وگـۆرانی بلـێن و شـەو سـەر گـەرم بکەن ؟ ئەوەندە سەلیقەی نەبووە ((ئۆلوجـان))و ((سـووجەن)) دوو دێـێ ی تورکیان لە کاتێکدا ئەو باس لە کوردستان دەکات بێئاگایە لێـێ ی. راستە هەوڵێکی سەرەتای دراوە بەڵام نەگەیشتۆتە خواست وپێویست لـەسـەر درامـای کوردی بگرە هـەر ســـاوایە دەســـت نیـــشانکردنی کارەکتەرەکان وپەیوەندی نێوانیان

گـــەر بگـــەرێینـــەوە بـــۆ ئـــەو ســـەردەمانـــە ئـــەوا دەبینـــین لـــەم درامایەدا خێزان وپەیوەندیەکان زۆر لاواز بوون،وە یان بوونی منداڵ کە بـــەردەوامـــی و هیـــواو دوارۆژ دەگـــــەیـــــەنێـــــت پێگـــــەی نەبوو،دابەشکردنی کارەکتەرەکان ، ئـەشـرەف کـە رۆڵێکـی سـەرەکـی هەبوو لـەم درامایـەدا زۆر بەرووی هەستت بە فێڵبازی و دەست برینی دەکرد ، چ لای بینەروچ لای خەلکی درامـەکـە، کـە مـەودای بـە گـرێ وچنـین نـەدابـوو تـا خولیـای بـەردەوامـی لای بینـەر دروسـت بکـات. بـەشـێوەیـەکـی گـشتی کارەکتەرەکانی تر کە بریتی بوون لە مسگەر، قالەی قەساب، فاڵچی، و بـاوکی نـەوزاد.....هتـد . رۆژانـە بەبـێ ئیش وکارلەناو چاخانەکەدا زۆربـەیـان بـەیـەک جـۆر جـل وبـەرگـەوە لـە دەسـت پێکردنـی دراماوە تا کۆتایی دەبینران . هەندێ کـــارەکتـــەری زیـــادە بـــە بـــێ دەستنیـــشانکردنی رۆڵیـــان لـــەم درامایـــەدا دەستنیـــشانکرندێکی ناشارەزایانە بـۆ بـەرگ دروەکـان . پـشان درابـوو درومـانی جلـی کوردی بوو، چاکەت وپانتۆڵ ، جل و بـەرگـی پـۆلیس،... هتـد. ئایـا تـا ئێستاش شتی وا بـەدی دەکـرێ؟ رۆڵی عومـەرە فـەندی کە نموونـەی خەلکانێکی کراوەو پێشکەوتوخواز و سـەر بـەلایـەنێکـی چـەپ ؟ ئایـا توانیبـووی خـۆی لـەگـەڵ خـەلکـە ئاساییەکە جیا بکاتەوە؟ یان بتوانێت رۆڵی لـەسـەر دەوروبـەری هـەبێت؟ یان فاڵچی وعومـەرە فـەندی لەیـەک ئاستی بیرکردنـەوەدا بـوون؟ رۆڵـێ مامۆسـتـا کـە نیـشانەی زانـست وزانیـــاری وفێرکـــردن بـــوو کـەنموونـەی بـەرهـەلـستکارێکی هێمنانـەی دەنواند جیـا لـە خـەلکـە ساویلکەکـە . ئایـا تـوانی بـوونی خـۆی وزانـستەکـەی بـسەلمێنێت ؟ کۆتـایی مامۆسـتای بـەچ درامایـەک برد؟ دەست نیشان کردنی کات ئایا مـەبـەسـتی دەرهێنـەر چـی بـوو لـە دەسـت نیـشانکردنی سـاڵەکـانی 1930- بـــۆ 1950؟ پـــەیـــامـــی دەرهێنـەرلـە میانـەی ئـەم درامایـەوە چـــی یـــە بـــۆ گەڕانەوە بـــۆ ئـــەو سەردەمە ؟

بە پێی بەکار هێنانی هـەندێ لـەو کـەل وپـەلانـە کە پەیوەنـدیی بـە وزەمـەنـەوە نـەبـوو . تەنـانەت گـەر دەرهێنەر ویستبێتی بڵێ ئەو زەمەن و ئەوکاتە نیە ، ئـەوەش هـەلـەیـەکی تره . چونکە لە چ سـەردەمێکدا ئێمە ئاومان لەناو (گۆزە و جامی گل) دا خواردۆتـەوە ؟! یـان بـەکارهێنـانی دراوەکـە (عانـە) ! هـەرچـەنـدە ئـەوەش روون نیـە جارێـک دینـارە جارێـــک وردەیـــە . بـــەبـــێ رەچـاوکردنێکی وردبینانـە ،بـۆ ئـەو یـەکـەیانـەی ئـەو سـەردەمـەی پێبناسـرێتەوە. کـە بە ڕای مـن لـــەوەشـــیاندا ســـەرلێـــشێواوی وتێکەڵەیەک دەبینرێ

یـان پرسـیارێکی تـر بـۆ ئـەو کاتەی هەلبژارد؟

لە کاتێکدا نەیتوانیوە بەشیوەیەکی ســـەرکـــەوتـــوانە ئەو ســـەردەمـــە بـەرجـەسـتە بکـات . بـۆ نمـوونە : زۆربـەی جل و بـەرگـەکـان، شـوێنی کوچـەو شـەقامـەکـان، گـەرم وگـوری بـازارو چاخانـەکـان، مـسگـەری بـێ درگـا . یـان شـیوازی خـۆ گـۆرین وستایلی قژو مکیاژ.

لۆکەیشن جێگە

تێکـەڵاوییـک لە لۆکەیـشن یـان (شـوێن) کـە نـازانی ئـەمـە دێـە یـان لادێـێ یـان شـارە یـان شـارۆچکە . هـــەر چـــەنـــدە لـــە بنـــەرەتـــدا لـەدەقـەکـەشـدا وا هـاتووە . بـەڵام دەبـوو دەرهێنـەر هـەسـتی بـەوە بکردایـەو خـۆی یـەک لا بکردایـەوەو هێڵی روونی خـۆی هـەبوایە . ئەوە راســـتە کە کـــورد بە داخەوەوە ئارشـیڤی نیـیە یـان کەمە یـان کـۆ نەکراوەتەوە . بەڵام تەنانەت ئەگەر دەرهێـــنەر پـــێ وا بـــووە کە بەرجەســـتە کردنـــی ئەو کـــات و زەمەنە لە بـــواری ئارشـــیڤەوە ، ئەســـتەمە ، بـــۆ ئەو کـــاتەی هەڵبـژاردووە ؟! بـۆ خـۆی تووشـی کێشەیێک دەکات کە بگرە نەتوانێت بەرسیڤی بۆی هەبێت

ریتم و بەردەوامی

بینەر هـەستی بە بیزاریەکی زۆر دەکـرد لـە دوبـارە وسـێبارە بوونـەوەی بابـەتـەکـان . چـوون ریتمی بابەتەکە هـەر لەدەستپێکی درامـــاوە تاکۆتـــایی هـــەر یـــەک تـەوەرەبـوو . ئـالوگۆر و چنـین و گرێ یان بردن بەرەو ترۆپک لەم کارەدا هەستی پێنەدەکرا

لایەنی تەکنیکی

نـەبوونی کاری تـەکنیکی ، وەک بینیمـان کـامێرا نـەیتـوانی گرتـەی جـوان بگرێـت و(شـاروۆژ کـرێن) بەکار بهێنێ و جۆرێک لە وێنەمان پـشان بـدات کـە دەرخـستنی بـەمـەبـەسـت وخـوازراو بـۆ دورو نزیکی کەسایەتیەکان و شوێنەکان بێت . یان بتوانێ یاری بەگرتەکان بکات وهـەست بەگۆرران بکەی بە گـشتی کـامێرا جولـەی پێوسـیتی نـەبـوو . دانرابـوو لـەلایـەکـی ژورەکـەوەو گرتـەکـانی دەگـرت. دەستنیشان کردنێکی نەگونجاو بۆ لۆکەیشنەکان لە رووی ئەندازیاری وبیناسازیەوە . بـۆ نموونـە دوکـانی مـسگەر لـە کولانـە کـۆتر دەچـوو، چاخانەکە بەراستی لەهـەمـوو شت دەچـوو ، تـەنـها چاخانـە نـەبێـت . دەرگـای هاتنـە ژورەوەی لـەبـەشـی سـەرەوەیـدا بـوو . سـیمای چوونـە ژورەوەی گـەرمـاوێکی بـۆ بینـەر دەنواند

نەبوونی رووپەر یان فەزا

جێـی ی خۆیـەتـی مـن لێـرەدا تیـشک بخـەمـە سـەر زۆربـەی بـەرهـەمـە کوردیـەکـان کـە لـەبـەر نەبوونی فەزای پێویست ولۆکەیشنی گونجـاو ، نەبـوونی کەرەسـتەی تەکنیکـی بـاش و زۆر شـتی تـر ، نەتوانراوە ئەوەی مەبەستە بهێنرێتە دی . ماڵی ئەشرەف لەبەر نەبوونی فـەزا هـەسـتت بـەو دەسـەڵاتـەی ئەشرەف نـەدەکرد . مسگەر خانە ، دوکانی بەرگ دروەکان.ماڵی کوێخا، قائیمقام، شەقام.....هتد

فـەزا بـۆ خـۆی زارەوەیـەکـی نوێیەو ئێستە بووەتە زانست . لە ئەنجامی بایـەخ پێدانی لـەهـەمـوو بـوارەکانـدا وەک : شـانۆ، دراما، فیلم، موزیک، شیوەکاری،بیناسازی ، جوانی، فەلسەفی ..... هتد . فـەزا تـەنـها بـەرووپـەر یـان پانتـایی نـاو ئابرێت . بەلکوسەیرکردنێکی فیزیکی و فەلسەفی و ئەندازیاریشی هەیە و لەسەر ئاستی زمانیش بەهای خۆی هەیە

لای زانـای ئـەمریکی ئیدواردهال بوە بەزانستی بونیاد واتە زانستی (علم آلمکان). بەتایبەتی لە شانۆدا بایەخی تەواوی پێدراوە

لەبەر نەبوونی ئەم فەزایە ، لە دراما کوردیەکاندا ، زۆرجار هـەست بـە کاردانـەوانـەی کارەکتەرەکان و شـوێنەکـە ناکـەیـت . وون بـوونی هەموو دەسـەڵاتەکان هـەر لە رۆڵی کـــارەکتـــەرەکـــان ، گـــەورەی ودەسـەلاتـی شـوێنەکـە ، گرتـەی گشتی و تـەکنیکی، بـەکارنـەهێنـانی ئـــامێرە پێـــشکەوتـــوەکـــان، وردەکاریـەکـانی لۆکـەیـشن ، هـەر لـەهـەسـت نـە کـردن بـە ئـارامی ، خۆشی، گەرانەوە بۆ سەردەمەکانە ، .....هتد. یەکێ لەو نموونەشمان لـەم درامایـەدا، دوکـانی ئـەمینـی بازرگانە، چاخانەکە یە کە نەتوانرا بـــوو ئـــەو گـــەرم وگـــوری و قەرەبالغیـەی ناو چاخانـەیـەک یـان بازرگانێـــک پـــشان بـــدرێت . نەبوونی فەزای پێویست هـەستێکی دژواری لای بینەر دروست کرد کە نەیدەتوانی فەزای وەهمی بەرجەستە بکات وبـەرەو دنیـای بیرکردنـەوەی بەرێت و چێژی لێوەربگرێ

فەزای نواندن

گـەر ووچانێکیش لـەسـەر فـەزای نواندنیش بدەین لـەم بـەرهـەمـەدا، دەبینـین هـەنگـاوێکی باشـی لای هـــەنـــدێکیان نـــابوو خـــاوەن ئـــەزموونـــەکـــان بـــەداخـــەوە پێچـەوانـەکـەیـان سـەلماندبوو . بەتایبەتی ماهر حەسەن دەیتوانی رۆڵـــی خـــۆی زۆر لـــەوە باشـــتر ئـــەنجـــام بـــدات . چـــوون زیادەرەوییەک (موبالغە) بەتایبەتی بـە چـاوو برۆیـەوە بـوو لـە کاتێکدا ئاشـکرایە نوانـدنی بـەر کـامێرا پێویستی بەو هـەموو زیادە رەوییە نیە . چوون زۆر نزیکە لە بینەرەوە هـــەمـــوو وردەکاریـــەکـــان دەبینـــرێ ودەبێتـە هـۆی بیـزاری . دەکـرا لـە رێگەی چاوەوە زۆر هێمنانە هـەمـوو ئیمائـەتـەکـان بـە بینـەر بگـەیـەنێت ئـەمـەش جۆرێکە لـە فـەزا نواندن . هـــەروەهـــا جۆرێـــک لـــەیـــاری بـــە بینـەریـش بکردایـە . یـان هـزری وەرگری بجولاندایە وتەفرەی بدایە کـە ئایـا ئـەم کابرایـە بـەراسـت کابرایەکی خراپە یان نا؟ هـەندێک لە کارەکتەرەکان زۆر جار دەوەستان لەسەر رۆڵەکەیان تا قسە بکەن واتە نەچوبونە ناو رۆڵەکەوە تەقەموس) یـان نـەکردبـوو هـەر بۆیـە ئـەو نواندنـەی دەم و چاویـان جیـاوازی هـەبـوو لـەگـەڵ ئـەو قسانەی دەیان کرد. هەروەها خوشکی ئەشرەف ، بەردەوامی پێکەنینی بە قسەکانی ماهر دەهات کە ئەمە وامان لێدەکات بپرسـین ئایـا نوانـدن لای ئێـمە ئەمەیە؟

راکـوارو ئێکسـسوارات و و مونتـاژ وجل وبەرگ وهەڵەی رێزمان

راکوار. لـە گرتـەیـەکدا جلێکی لەبەردابوو . کە وەلامی دەدایەوە ، دەبوو بەجلێکی تر. لەیەک کاتدا کە ئـــەمـــە هـــەلـــەیـــە ، لـــە زۆربـــەی دیمـەنـەکاندا دووبـارە دەبـوەوە .. ئێکسسوار لەم درامایەدا نەیتوانیبوو جیگیر ببێ، بـۆ نمونـە لـە زۆربـەی زنجیرەکاندا گۆزەو جامی گڵی ئەو خواردنـــەوەی پـــشان دەدا، بـــەڵام بێئاگایانە لە هەندێ گرتەدا پەرداخی ستیل و لـە شـاییەکـەی عومـەرە فەندیدا سینی و پەرداخ و سوراحی شوشە دەبینرا، ئایا ئەمە گونجاندنە؟ بێئاگای لـە مونتـاژ چـەندین گرتـەی پـاش وپـێش کردبـوو . بـۆ نمونـە مسگەر دەڵێ ئەمرۆ 5 دینارم پەیدا کـرد . وەلـلا ئـەشـرەف 4 دینـارو نیـوی لێـسەنـدم . نیـو دینـاری دا بەخۆم . دوای ئەوە دەڵێ : دە ئەو چوزانێ من چەندم پەیا کردوە خۆم شـتێکی تـر دەلێـم . تێکەڵـەیـەک لـە پۆشـێنی جل و بـەرگی کۆن و نوێ .یـان ئـەوئایـەتـەی کـە بـەهـەڵـە نوسراوە بۆ کۆچی دوای جوانە مەرگ (بەهادین) کە ئەمانە ئەو پەری بێئاگای دەسەلمێنێت

و زۆر وردەکـــاری تـــر کە بە ڕاستی شیکردنەوەی زۆری دەوێت بـۆ بـاس کردنیـان . بەس ئەوەنـدە بەسە کە بڵێم : ژیانی ئێمەی کورد بـــەرابـــردو و ئێـــستامانەوە هـــەر هـــەمـــووی درامایـــە ، کێـــشەیـــە ، ناکۆکیـە ، خۆشـیە، گیروگرفتـە هـەر لـەرووی رامیـاری، کۆمـەڵایـەتـی، خۆشـەویستی. ئـابووری ، ئـایینی ،..... هتـد . هـــەروەک چـــۆن لـــە زۆربـەی وولاتـانی جیهـان ژیـانی سـادەی رۆژانـەیـان دەکـرێ بـە زنجیـرەو لـەکـەنالـەکاندا پـەخـش دەکرێـت . بـۆ نموونـە لـە وولاتـی هۆلـــەنـــدا بـــۆ مـــاوەی 20 ســـاڵە بەبەردەوامی زنجیرە درامای (goede tijden slechte tijden) لەیەکێک لەکەنالەکاندا بەناوی (ئار تی ئێڵ 4) لێدەدرێت رۆژانە بۆ مـــاوەی 25 خولـــەک . تـــا وای لێهاتووە ئەکتەرەکان دەژین لەگەڵیدا و بووەتە سەرچاوەی ژیانیان . من نامـەوێـت بـەراوردی بـکەم لە گەڵ کوردستاندا بەڵکو مەبەستی من تـەنهـا ئـەوەیـە بپرسـم ئایـا ئێمـەش ناتوانین ژیانی رۆژانەی خۆمان بە هەموو خۆشی و ناخۆشێکانمانەوە بکەیـن بـەدەقـی درامـی ولـەگـەڵ ئاوایزان بوونی موزیکێکی رەسەنی کوردی کەهەموو ئەو سیمایانەی کـە کلتـورو بونمـان دەسـەلمێنێـت ئەنجامی بدەین و بتوانین هەنگاوێکی تری بەهەواری چۆڵی دراما بدەین فەزای موزیک

جـار جـارە مـوزیکێکی تـورکی بـوونی هـەبـوو .لـەجیـاتی مـوزیکی شیرینی کوردی و گەرانەوە مان بۆ ئـەو سـەردەمانـەو یادکردنـەوەی دەنگی دەیـان مامۆسـتای گـۆرانی کـوردی و ئـاوازی کـوردی. کـە ئەمەش جۆرە تێرامانێکی لا دروست کـردین " پـەیـامی دەرهێنـەر لـەم درامایە

پەیامی دەرهێنەر ئەوەیە،گوایە دەسەڵات و میللەتی کورد ئەوەندە گێل ونەفام و دوروو و خراپ بوون بـە رابـردوو ئێـستامانەوە؟ کـە یـەکێکـی وەک ئـەشـرەف یـاری بەهەموو ئەقلیەتی تاکەکەنی کردوەو هـەل پـەرسـت بـووە لـە پێنـاوی بەرژەوەندیە تایبەتی وجنسیەکانیدا هەموو رێگەیەکی نامرۆڤانەی گرتۆتە بـەر . . . پـەیـامی منـیش بـۆ ئـەم درامایە ئەوەیە بەگشتی نەیتوانی خزمەت بە رەووتی هونەری دراما بکـات وهـەنگـاوێکی تـازە بنێـت . هـــەروەهـــا مـــن رووی دەمـــی گـــا زندەکانیشم تەنها بۆ دەرهێنەری ئـەم درامایـە نیـە بـەڵکـو هـەمـوو کـارەکتـەرەکـانیش بـەتایبـەتـی ئـەو هونـەرمـەندانـەی هـەمـوو ژیانیان لـە نواندن و کارە هونەریەکاندا بەسەر بردوە، ئایا ئەو هەموو کەم و کوری و دژواری و تێکـەلـەیـەیـان بـەم درامایەوە نەبینی؟ پرسیارێکیان لەلا دروسـت نـەبـوو؟ تـابتوانن بـە هاوکاری لەگەڵ دەرهێنەرو ستافی دراماکـەدا تێبینـی وراڤـەیـەکـی سـەردەمیانـە بکـەن تـا بتـوانن بـە هەموو لایەک ئەفراندن بێتنە ئاراوە؟

ئـەفراندن کـەشـێکی تـازەگـەریـە نەک کاری گەرم کردنەوەی تێکست بـێ وفرۆشتنەوەی کۆن بە نوێ بێت

لە کۆتاییدا رێزم بۆ نوسەری ئەم دەقـە هـەیـەکـە (عـەزیـز نـەسـین)ە چـوون هـیچ نـەبێـت خزمـەتـی بـە میللـەتـی خـۆی کـردوە . بـەڵام بـەداخـەوە بـۆ ئێمـەی کـورد زۆر بێئاگایانە هەوڵی چەسپاندن وزیندو کردنەوەی کلتورێکین کە تائێستەش پێـــوەی دەنـــاڵێنین هـــەر بۆیـــە هەلبژاردنی بابەتێک کە شیاو بێت بۆ دراما ، هونـەرەو دەرهێنـەریش لێی ی بەرپرسیارە؟!

شنە پێنجوێنی